# ژیانی دکتۆر کەمال لەبەردەم مەترسی یەکی گەورەدایەو

# دەبێ ڕێگە بەو کارەساتە بگرین !

ئەمڕۆ دکتۆر کەمال نامەیەکی ئاڕاستەی بیرورای گشتی کردوە کە تیدا ئاماژە بە قوڵترین مامەڵەی نائینسانی دەسەلاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات کە چۆن پاش چوار مانگ لە زیندان بەسەربردن ناچاری دەکەن بەوەی کە بیر لە ڕێگەیەك بکاتەوە کە ڕەنگە بە نرخی گیان لەدەستدانی خۆی کۆتای پێ بێت.

چاکتروایە کە بۆ ئاشنابوون بەو ڕاستی یە پەیامی ڕاستەخۆی کەی کە لە زیندانەوە ناردویەتی بخەینە بەردەست هەموو حزب و رێکخراو ناوەندە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان، تا پاش خۆێندنەوەی نامەکە هەڵوێستێکی شایستەو لێبڕاوانە لەبەرامبەر بەو هەموو سوکایەتی پیکردنەی پارتی وناچارکردنی ئەم ئینسانە بە بیرکردنەوە لە ڕێگەیەك کە بەنرخی گیان لەدەستدانی خۆی تەواو دەبێ، وەربگرن . ئەمەش دەقی نامەکەیەتی :

- بۆ بیرورای گشتی و هەموو ئازادیخوازانی جیهان .
- بۆ ڕیکخراوەو کۆمەلە مرۆڤ دۆستە نیودەوڵەتییەکانی هەموو دنیا
- جەماوەری خەلکانی بەشەرق دەرەوەو ناوەوەی ولات .

(( من دکتۆر کەمالی سەید قادر ، ئەگەر تا سێ رۆژی دیکە ئازاد نەکرێ م داوا دەکەم لە هەموو ڕۆژنامەنووسان ، ئازادیخوازان ، رۆشنبیران ، کەسایەتییە ئەکادیمییەکان ، قوتابییە خاوەن هەلویستەکانی زانکۆ ، میدیاکانی ناوەوەو دەرەوەی ولات . کە لەپاش سێ رۆژی دی تیکرا وەرنە بەردەرگای ئاساییشی گشتی هەولیر .

من چیتر ئەو هەمو زولم و بێدادی و ناهەقیە قەبووڵ ناکەم، لەبەر ئەوەی من بە شێوەیەکی نایاسایی لەلایەن ئاسایشەوە ڕفێندراوم و ئێستاش هەر بە نایاسایی گیراوم، ئەوە زیاتر لە چوار مانگە دەستی دەستیم پیێ دەکەن ، جۆرەها موحاربەی نەفسی کراوم . ئەوە زیاتر لە چوار مانگە نایاسایانە لە زیندان ڕاگیراوم و هێشتا چارەنووسم یەکالا نەبووەتەوە . بۆیە گەیشتوومەتە ئەو بڕیارەی کە لە پاش سێ ڕۆژی دی خۆم دەرگای ئاسایش بکەمەوە و بێمە دەرەوە . ئەوانیش با ئازادبن لەوەی من دەدەنە بەر دەستڕێژ ، دەمکوژن ، لەناوم دەبەن ، یان خۆیان بەهەر شێوەیەك دەیانەوێ کۆتای بە ژیانم بهێنن ، ئیتر با خۆیان لەو بڕیارەدا سەرپشك بن. چونکە لەوە زیاتر سەبرو تەحەمولم نەماوە ، چیتر لەمە زیاتر ئەم سووکایەتی پیێ کردن و بێ دادییە قبووڵ ناکەم. مادام ئەوان هەر دەیانەوێ زۆلمم لێ بکەن ، دەبا زوڵمەکەیان هەتا سەر ئێسقان ویەکجارەکی و بەکۆتایی هێنان بە ژیانم بێت )) .

ئەوەی کە خوێنتانەوە دواین ووشەو پەیامی تاڵی دکتۆر کەماله کە ویژدانی هەر ئینسانێك دەهەژێنێت. ئەوەی کە خوێنتانەوە بەرئەنجامی مامەڵەیەکی تا سەر ئێسقان نا ئینسانی دەستەلاتی پارتی یە دژ بە ئینسانێك کە بە تاوانی نووسینی دوو وتار بۆ ماوەی زیاتر لە چورا مانگە لە زیندانا هێشتوویانەتەوە . دەستەلاتی پارتی بێ سەروشوێن کردنی دکتۆر کەمالی بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك بەهەر مەبەستێك ئەنجامدابێت ، کارێکی لەو چەشنە نایاسای لەبەرامبەر بە یاساو رێساو بنەما پرانسیپی یەکانی جیهانی ئەمرۆ بەرپرسیار دەبێت. ئەگەر بەرەی ئازادیخوازان لەو قوناغەدا کارێکیان ئەنجامدا کە پیلانەکەی پارتی بۆ لەناوبردنی دکتۆر کەمال سەرنەگرێت ، ئەوا دواتر بە 30 سال زیندانی سپاردنی جاریکی تر بەرەی ئازادیخوازانی هاندا بۆ تیژکردنەوەی ڕەخنەو هەڵوێستیان دژ بەو کردەوە نائیسنانی و نایاسای یەی پارتی دەنگی نارەزایەتی سەرتاسەری جیهانی گرتەوە. هەر ئەمەش جارێکی تر پارتی ناچارکرد کە بریاری 30 ساڵ زیندانی کردنەکەی هەڵبوەشێنێتەوە سەرکردایەتی ئەو حزبە دەسەلاتدارە چەندین جار بکەوێتە بەڵێن دان و پاکانە کردن بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە هەموو ئەمانە تەنها گوشەیەك لە سیناریویەکی دزیوی ئەم حزبە دەسەلاتدارەیەو دکتور کەمال بەهۆی مالەی نائینسانی دەستەلاتی پارتی یەوە ناچار بووە هەلوێستێك بگرێت کە ڕەنگە بە گیان لەدەست دانی کۆتای بیت .

بۆیە ئێمە لێرەدا وەك كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر كۆمیتەی سەرپەرشتیار بانگەوازی هەموو حزب و ڕێكخراو ناوەندێكی ئنیسان دۆست وئازادیخواز دەكەین كە بەزووترین كات بەتووندی ناڕەزایەتی خۆیان دژ بەو مامەڵە نائینسانیەی دەسەلاتی پارتی دەربڕن وخوازیاری ئازادی بی مەرج وبەندبن بۆ دكتۆر كەمال سەیدقادر ! جێگەی خۆیەتی كە هەر لێرەدا بانگەوازی خەلكی ئازادیخوازی كوردستان بكەین كە لەبەرامبەر بەم هەموو ستەم و ناعەدالەتی یەدا بیٚ دەنگ نەبن وبەهەر شێوەیەك كەبۆیان دەگونجیٚ ناڕەزایتی خۆیان دژ بە پارتی دەربڕن وخوازیاری ئازادی بێمەرج وبەندبن بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر!

**كەمپەینی ئازادی بۆ دكتۆر كەمال سەید قادر كۆمیتەی سەرپەرشتیار**

2006 / 2 / 23